زانکۆی هەڵەبجە کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور
بەشی/ باخچەی منداڵان قۆناغی/ دوو

پرۆگرامی...

# کردەی نواندن

سیمستەری / سێ

**دانانی پرۆگرام لەلایەن**

**م. گۆران محمد**

(٢٠٢٢-٢٠٢٣)

# لیستی ناوەڕۆک

١ - مەبەست چییە لە کردەی نواندن

٢ - نواندن چییە؟

٣ - کەرەستەکانی نواندن چیین؟

٤ - جوڵە چییە

٥ - سیفاتەکانی جوڵە چیین؟

٦ - جۆرەکانی جوڵە کامانەن؟

٧ - ئاماژە چییە؟

٨ - کردار چیە؟

٩ - جۆرەکانی کردار

١٠ – ئەکتەر کێیە؟

١١ – سیفاتەکانی ئەکتەر

١٢ - گرنگی نواندن بۆ مامۆستای باخچە

١٣ - بۆچی لاسایکردنەوە گرنگە بۆ مندال

١٤ - نواندن بۆ منداڵ

١٥ - سودەکانی هونەری نواندن بۆ منداڵ

١٦ - چۆن منداڵ ئەبێت بە ئەکتەر

١٧ - کاریگەری کردەی نواندن لەسەر پرۆسەی فێرکردنی مندال

١٨ - کاریگەری نواندن لەسەر لایەنی دەرونی منداڵ

١٩ - ستۆری تێڵین – یان – گێڕانەوەی چیرۆک چییە؟

٢٠ - چۆن بین بە چیرۆک خوانێکی سەرکەوتوو؟

## مەبەست چییە لە کردەی نواندن؟

**سەرەتا دەبێت ئاماژە بە ئەوە بدەین کە مەبەستمان چییە لە (کردەی نواندن)، چونکە لەم دەروازەیەوە ئێمە دەتوانین بچینە ناو گرنگی کاریگەرییە ئەرێنییەکانی ئەم وانەیە بۆ خوێندکارانی بەشی باخچە ، کاتێک کە دەبنە مامۆستا لە باخچەی منداڵان لە ئایندەدا، هاوکات هەر لەم ڕێگەیەشەوە دەتوانن بگەین بە تیشک خستنە سەر ڕۆڵ و کاریگەری وانەی ( کردەی نواندن) لەسەر گەشە و هۆشیارکردنی منداڵ لە قۆناغی باخچەی منداڵآن.**

لەڕاستیدا دەکرێت کردەی نواندن زۆر چەمک و لایەن بگرێتەوە لە هونەری شانۆ بەگشتی ، بۆ نمونە ئێمە بە ئەنجامدانی هەرکردەیەک، یان کردارێک دەڵێین ( کردەی درامی) لە لەلایەن ئەکتەرێک یاخود چەند ئەکتەرێک ئەنجام دەدرێن لەسەر تەختەی شانۆ، یاخود تەنانەت لە نێو دیمەنی فیلمێکی سینەمایی یاخود لە نیو دیمەنی درامایەکی تەلەفزیۆنی و تەنانەت ڕادیۆیی. کەواتە لە بنەڕەتدا کردەی درامی بەرلە کردەی نواندن کە بابەتی سەرەکی ئێمە دەبێت لەم کۆرسەدا، بەهاو کاریگەری گەورەی هەیە لە هونەرو هونەرمەندی بواری شانۆ و سینەماو دراما.

هەرلەو سۆنگەیەشەوە (کردەی نواندن) دەکرێت بریتی بێت لە ئەنجامدانی هەر کارو کردارێک ، ئەنجامدانی هەر جوڵەیەکی جەستەیی و دەنگی مرۆڤ، ئەکتەر، مامۆستا، کەسی پیشەمەند لە بوارێکی دیاریکراو لە پێناو مەبەست و ئامانجێکی دیاریکراو.

بۆ نمونە کاتێک ئەکتەرێک لەسەر تەختەی شانۆ، لەسەر ستەیج خەریکی ئەنجامدانی کردارێکە ، بۆ نمونە کردنەوەی دەرگایە، دانیشتن لەسەر کورسییەک، ئەنجامدانی سەمایەک، یان گوتنی دایەلۆگێک و جوڵاندنی دەست یاخود بەشێک لە پارچەکانی جەستەی دەوترێت کردەی نواندن. کەواتە هەموو کارێک لەسەر تەختەی شانۆ کەلەلایەن کەسێک ئەنجام دەدرێت بەناوی ( ئەکتەر) جۆرێکە لە کردەو کاری نواندن.

بەڵام لەپاڵ ئەم ماناو تێڕوانینیە هونەریانە کە زیاتر پەیوەست بوون هونەرو کاری ئەکتەر لەشانۆدا دەکرێت، کردەی نواندن زۆرجار پەڵ بهاوێتە ناو چەندین بوارو کارییەیتر، بەتایبەتیش ئەم چەمکە، یاخود ئەم دەستەواژەیە لە ئێستادا هاتوتە ناو پرۆسەی پەروەردەکردنی مامۆستایان لە قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و زانکۆ و تەنانەت بەرلەمانەش لە قۆناغی پەروەردەکردنی منداڵ لە باخچەی منداڵان، چونکە زۆربەی کارو چالاکییە هونەرییەکانی مامۆستا باخچە پەیوەندی بە هونەری ئەداکردن و نواندن هەیە. بۆ نمونە جوڵەو سەمای منداڵ، نواندن و یاریکردنی، بەشداریکردنی لە شانۆی منداڵآن و شانۆی بوکەڵە، هەموو ئەمانە پێویستە مامۆستای باخچە بزانێت کە پەیوەندی بەهونەری نواندن هەیە.........................................................

## نواندن چییە؟ What is Acting

**بەدرێژای مێژووی هونەری شانۆ و دراما، سەدان بۆچون و پێناسەو تێڕوانینی جۆراوجۆر هەیە بۆ هونەری ( نواندن). چونکە ئەم بوارە، یاخود ئەم هونەرە بەدرێژای دروستبون و سەرهەڵدانی هونەری شانۆ، بەهۆکاری جیاواز گۆرانکاری بەخۆوە بینیوە. هەربۆیە لێرەدا باس لە گوڵبژێرێک لەو پێناسەو بۆچونانە دەکەین کە تاوەکو ئێستا، بۆ چەمک و مانای ( نواندن) کراوە.**

**نواندن:** بریتییە لە پرۆسەی ئەنجامدانی کارێک، یان چەند کردارێک ، یاخود گێڕانەوەی بەسەرهاتێک لەسەر ستەیج، یان لەبەردەم کامێرا لەلایەن کەسێک کە پێی دەوترێت ( ئەکتەر).

**نواندن:** بریتیە لە هەوڵدانی ئاکتەر لەپێناو پیشاندانی سیفاتەکانی کەسایەتی و کاراکتەرێک ، یان پیشاندانی چیرۆکی و بەسەرهاتێکی دیاریکراو.

**نواندن:** دەکرێت هەلێک بێت بۆ ئەوەی ئەکتەر بتوانێت لەڕێگەیەوە باس لە خۆشی و ناخۆشی و گرفت و کێشەکانی خۆی و کەسانی دەوروبەری بکات.

**نواندن:** نواندن بەو کارە دەوترێت کە کەسێک ، یان ئەکتەرێک بە مەبەستی پیشاندانی دیمەنێک، چیرۆکێک، بەسەرهاتێک پیشانی خەڵکی دەدات.

**نواندن:** هونەری گوزارشتکردنە لە هەست و ناخی مرۆڤایەتی لە ڕێگەی هونەرەوە.

**نواندن:** دەتوانین بڵێین نواندن هونەرێکی تایبەتە بەو کەسانەی ک مەیل و خەزو خولیای زۆریان هەیە بۆ نواندن و ڕۆڵ بینین.

**نواندن:** هەروەک چۆن مۆسیقا هونەر، هەروەک چۆن سەما هونەرە، هەروەک چۆن وێنەکێشان و پەریکەرسازی هونەرن، نواندنیش جۆرە هونەرێکی سەربەخۆیە. کە ئامانج لێی دروستکردن و گواستنەوەی جوانەییە لە ڕێگەی هونەرەوە بۆ خەڵک، بینەر یان کۆمەڵگەو مرۆڤ.

**نواندن:** لەپاڵ ئەوەی کە هونەرە، هاوکات جۆرێکە لە بەهرەو توانا کە لەهەندێک کەس بەدی دەکرێت.

**نواندن/** کردارێکە کە تیایدا ئەکتەر بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانە بەرجەستەی ئەو ڕۆڵە دەکات کە بۆی دیاریکراوە.

**نواندن/** هونەری دەربڕین و پیشاندانی سیفاتەکانی کەسایەتییەکە ، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەبێ زیادو کەم.................................................................

# کەرەستەکانی نواندن چیین؟

**یەکەم/ دەنگ :Voice**

یەکێک لە کەرەستە بەهێزەکانی دەربرین و قسەکردنی ئەکتەرو ، تەنانەت لە ژیانی ڕۆژانەدا بریتیەلە دەنگ، واتە بونی دەنگێکی بەهێزو مەشقپێکراو ، بونی دەنگێکی سازو ئامادە. دەنگ یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی دەربڕین ونواندن لەلای ئەکتەر، گرنگ نیە تۆ کام شانۆنامەت هەڵبژاردووە بۆ کارکردن، بەڵکو ئەوەی گرنگە بەکارهێنانی دەنگتە بەشێوەیەکی زانستی و گونجاو، لەکاتی نواندن.

چونکە تۆی ئەکتەر هەرچی وشە و ڕستەو مەبەست و ڕازی ناو قسەو دیالۆگەکانت هەیە، لەڕێگەی دەنگت دەگات بە بینەر. چونکە بینەر بەهۆی دەنگت تێدەگەن تۆ مەبەست و ئامانجت چییە لە وتنی وشەو دیالۆگەکانت. ئەمە جگە لەوەی دەنگی ئەکتەر، هۆکارێکە بۆ گواستنەوەی هەست و بۆچون و ناخی ئەو کەسایەتییەی ڕۆڵی تێدا دەبینێت بە بینەر. لەبەرئەوەی دەبێت بزانی کە یەکێک لە لایەنە بەهێزو کاریگەرەکانی ئەکتەر لەسەر شانۆ بریتیە لە شێوازی بەکارهێنانی دەنگ و تۆنی دەنگی، لەکات و ساتی دیاریکراودا.

کەواتە هەروەک چۆن لە ژیانی ڕۆژانەدا دەنگمان ناسنامەو کەسایەتیمان پیشان دەدات، بەهەمان شێوە لە هونەری نواندندا دەنگ ئامرازێکی کاریگەرو بەهێزە بۆ ئەوەی، بە بەهێزی دەربکەوین و کاریگەری باش و ئەرێنی لەسەر لایەنی دەرونی بینەر دروست بکەین. کەواتە ئاگاداری دەنگت بە چونکە ئامرازێکی بەهێزو کاریگەرە بۆ باش دەربڕین و گوزارشت کردن لە وشەو ڕستەو دەستەواژە، لە پرۆسەی نواندندا.

**دووەم/ جەستە: Body**

جەستە، دووەم کەرەستەی بەهێزو سەرەکی دەربڕین و گوزارشتکردنە لە کرداری نواندن، هەندێک هونەرمەندو ئاکتەرو ڕاهێنەر لەوباوەڕەدان، زۆرجار جەستە لەسەر ستەیج و لەکاتی نواندن، زۆر بەهێزترە بۆ گەیاندنی (ماناو مەبەست) بە بینەر، بە بەراورد بە دەنگ، چونکە لە میانی (جەستە)وە، ئەکتەر چەندین ئاماژەو جوڵەو کردار

ئەنجام دەدات ، بەمەبەستی گەیاندنی پەیام و مانای ناو دیالۆگ و چیرۆکی نمایشەکە بە بینەر.

جوڵەی جەستەی ئەکتەر لەسەر ستەیج ئامرازێکی یارمەتیدەرو کاریگەرە بۆ (وێناکردنی) وشەو مەبەستی دیالۆگەکان بە بینەر،چونکە ئەکتەر کاتێک دیالۆگ دەڵێت(سەر+ دەستەکان + قاچ +پەلەکانی) ئەجوڵێنێت بۆ ئەوەی لە میانی ( دەنگ وجەستەی) بەباشی پەیام و نیازی بگەیەنێتە بینەر. هەربۆیە ئەنجامدانی جوڵە کات و ساتی دیاریکراوی خۆی هەیە، چونکە هەرجوڵەو ئاماژەیەک کە ئەنجامی دەدەیت دەبێت بۆ ( مەبەستێک) بێت. هاوکات جوڵەکە دەبێت ( ماناداربێ). کەواتە ئەکتەر نابێت بەبێ مەبەست جوڵەی زیادەو بێسود ئەنجام بدات، هاوکات نابێت جەستەشی فەرامۆش بکات و بەکاری نەهێنیت. جونکە جوڵەی گونجاو دروست، کاریگەری گەورە لەسەر میزاج و تێگەیشتنی بینەر دروست دەکات.

کەواتە هەمیشە دەبێت تۆی ئەکتەر لەکاتی نواندن هاوسەنگی ڕابگرێت لە نێوان بەکارهێنانی ( دەنگ و جەستە). چونکە هەردووکیان دوو ئامرازی گرنگ و بەهێزن بۆ ئەنجامدانی نواندنی سەرکەوتو. گرنگ ئەوەیە بزانی کەی و لە کوێ جەستەو دەنگت بەکاردەهێنیت.

**سێهەم/ خەیاڵ**

خەیاڵی ئاکتەر، سەرچاوەی نواندنی سەرکەوتن و داهێنانە بۆ خودی ئەکتەر. چونکە کاتێک ئەکتەر ڕۆڵ دەبینێت لە کەسایەتییەکی دیاریکراودا، دەبێت لە ڕێگەی (**خەیاڵی**) خۆی، سەرەتا وێنای سیفاتەکانی کەسایەتییەکە بکات، پاشان دەست بکات بە نواندن و ڕۆڵگێران. بۆ نمونە کە کەسێک ڕۆڵی ( کەروێشک) دەبینێت لە شانۆی منداڵ . دەبێت سەرەتا لە خۆی بپرسێت: خۆم من مرۆڤم کەروێشک نیم، چۆن دەتوانن ڕۆڵی ئاژەڵێکی لەم شێوەیە ببینم؟

لە وەڵآمدا، دەبێت بزانێت کە لەڕێگەی **خەیاڵی** خۆی ، دەتوانێت وێنای جوڵەو دەنگ و سیفاتە گشتی و تایبەتییەکانی ( کەروێشک) بکات. ئەوکات ئەکتەر دەتوانێت لەڕێگەی

( **خەیاڵی**) سود لە( دەنگ و جەستەی) خۆی ببینێت بۆ نواندن و ڕۆڵگێڕان لە کەسایەتی ( کەروێشک) یان هەر کەسایەتییەکیتر لە هونەری شانۆ و نمایشی منداڵان.

ئەمە جگە لەوەی (**خەیاڵ**) ئەکتەر پەلکێش دەکات بەرەو گەڕان و بیرکردنەوە دەربارەی ( سیفاتەکانی) هەرکەسایەتییەک کە ڕۆڵی تێدا دەبینێت. بۆ نمونە تۆ کاتێک ڕۆڵی ( پزیشک) دەبینیت، و لە ژیانی ڕۆژانەدا پزیشک نیت، ئەوا لەم کاتەدا پەنا دەبەیتە بە هێزی بیکردنەوەو (**خەیاڵ**)ت ، بۆ ئەوەی بتوانی بە ئاسانی و بەشێوەیەکی ڕاست و دروست لە سیفاتەکانی کەسایەتی دکتۆر تێبگەیت بە باشی و پاشان بەرجەستەی بکەیت لە نواندندا.

کەواتە خەیاڵ باشترین هاوڕێی ئەکتەرە لە نواندندا، چونکە خەیاڵ پردی پەیوەندییە لە نێوان ( ئەکتەرو سیفاتەکانی کاراکتەر). چونکە ئەکتەر لەڕێگەی خەیاڵەوە دەزانێت ڕەفتارو سیفات و هەڵسوکەوتی ئەو کەسایەتییە چییەو ؟ چۆنە؟ کە بە نیازە بەرجەستەی بکات و ڕۆڵی تێدا ببینێت.

**چوارەم/ ڕاستگۆیی**

ڕاستگۆی سیفاتێکە لە نواندن، ئەکتەر دەبات بەرەو کەناری سەرکەوتن و داهێنان، واتە کاتێک ئەکتەرێک خەریکی ڕۆڵ بینینە لەسەر ستەیج، یاخود لەبەردەم کامێرا دەبێت هۆشیار بێت لەوەی کە کرداری نواندن، پێویستی بە ڕاستگۆی هەیە، واتە دەبێت ئەکتەر بەبێ زیادەڕەوی و زۆر لەخۆکردن، وە بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانە گوزارشت بکات لەو ( دیالۆگانەی) دەیانڵێت لەبەردەم بینەر.

واتە پێویستە ئەکتەر هەست و سۆزی بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانە تێکەڵ بە هەست و سۆزی کەسایەتییەکە بکات. چونکە بینەری گەورەو تەنانەت منداڵ لەشانۆی منداڵان ،حەزی لە ڕاستگۆی ئەکتەر هەیە، بۆ نمونە تۆ کاتێک ڕۆڵێ کەسایەتی ( منداڵێک ) دەبینی ، دەبێت هەستی منداڵی و جوڵەو دەنگی منداڵ بە شێوەیەکی ڕاستگۆیانە پیشان بدەیت.

**پێنجەم/ بە هرە**

دەکرێت بەهرە دوو جۆری سەرەکی بگرێتەوە، یەکەم : **بەهرەی خۆرسکی،** واتە کەسێک بەشێوەیەکی سروشتی خاوەنی دەنگێکی خۆشە، کەسێکیتر دەتوانێت بەبێ ئەوەی هونەر بخوێنێت تابلۆی جوان و سەرنجڕاکیش دروست بکات، کەسێکیتر دەتوانێت سەما بکات یاخود لاسای قسەو ڕەفتاری خەڵکانیتر بکاتەوە. ئەمجۆرە لەتواناو بە هرە خۆرسکیە و لە کەسەکەدا بونی یە. بەڵام جۆری دووەمی بەهرە پێی دەوترێت **بەهرەی حەزو خولیا** ، واتە کەسێک کاتێک خۆشەویستی و خولیای زۆری دەبێت بۆ نواندن ئەو کەسە دەکرێت خاوەنی جۆرێک لە بەهرە بێت، بەڵام پێویستە لەڕێگەی خوێندن و کارکردن و ئەزمونی پراکتیکی برەو بە تواناو بەهرەکەی بدات و بەرەوپێش بچێت. هەروەک چۆن ڕاهێنەری بەناوبانگی ئەمەریکی ( بێڵ هۆی) لە کتێبە بەناوبانگەی بەناوی ( ڕاهێنانی ئەکتەر) دەڵێت :

**((من بۆچونێکی جیاوازم هەیە دەربارەی بونی بەهرە، لەوباوەڕەدام کە بەهرەی هونەری واتە بونی حەزو خۆشەویستی و خولیایەکی زۆر بۆ نواندن))** .

کەواتە دەکرێت هەموو کەسێک لە ڕێگای بونی حەزو خولیای زۆر بۆ هونەر، یان بۆ ئەکتەر ببێتە ئەکتەرێکی سەرکەوتو. بەومەرجەی بەردەوام ئەزمون و کارو پراکتکی پێشکەش بکات لە بواری نواندن و ڕۆڵگێڕان.

**شەشەم/ ئەزمون**

هەموو وکارێکی هونەری، بە تایبەتی هونەری نواندن پێویستی بە ئەزمون و کاری بەردەوام هەیە ، چونک ئەزمون وادەکات تواناکانی خۆت لە بواری هونەر بدۆزیتەوە، لەڕێگەی ئەزمونەوە ئەکتەر دەزانیت دەنگ و جەستەو خەیاڵی چەندە هاوکارو یارمەتیدەرن بۆ سەرکەوتن لە هونەردا. هەربۆیە پێویستە سەرەتا تۆی گەنج لە ئەزمونی سەرەتایی و بچوک دەست پێبکەیت. پاشان هەنگاو بنێیت بۆ کارو پرۆژەی هونەری و گەورەتر.

ئەکتەر لە ڕێی کارکردن و ئەزمون، گەشە بە تواناکانی خۆی ئەدات، چونکە هەر ئەزمونێک وانەیەکی گرنگی زانستی ئەبێت بۆ ئەوەی شارەزایی زیاتر پەیدا بکات لەسەر سروشتی کارکردنی لە بواری نواندن. کەواتە ئەزمونەکانت بکە بە پێوەر بۆ فێربونی و بەرەوپێشچونی ئاستی هونەری و زانستت لە بواری هونەری نواندن.

**حەوتەم/ شارەزایی و زانیاریی**

لەبەر ئەوەی هونەر بە تەنها بەهرەو لێهاتووی نیە، بەڵکو لەپاڵ ئەمانەدا هونەر جۆرێکە لە زانست، هەربۆیە پێویستە ئەکتەر باوەڕی بە شارەزایی تێۆری هەبێت لە بواری نواندن، چونکە لە ڕیگەی بونی زانیاری دەربارەی ( دەنگ، جەستە، خەیاڵ، ستەیج، ڕوناکی و مۆزیک، ڕەنگ، دیکۆر) باشتر دەتوانیت نمایشێک پێشکەش بکەیت کە ببێتە جێگەی سەرنج و تێڕامانی بینەر، چونکە نمایش و نواندنی سەرکەوت و چەندین لایەنی وەکو دەنگ و ڕەنگ و جوڵەو دیکۆر و جل و بەرگ و مۆزیک بەشداری تێدا دەکات.

هەموو ئەم بەش و لایەنانە، لەڕیگەی خوێندنی هونەرو کۆکردنەوە زانیاری دەربارەی نواندن دێنە کایەوە.شارەزابوون لە هونەری شانۆ و نواندنی شانۆی وادەکات کەمیتر هەڵەی هونەری ئەنجام بدەیت و هاوکات دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە بەڕێگایەکی کورت تر بگەیتە ئەنجام.

ئەمە جگە لەوەی بونی زانیاری و شارەزایی زانستی دەربارەی هونەر نواندن ، وادەکات ستایلە جیاوزەکانی نواندن بەباش بناسیت و کاریان لەسەر بکەیت، چونکە بۆ نمونە نواندن لە شانۆی مندالان جیاوەزەو ڕیساو یاسای خۆی هەیە ، بە بەراورد بە نواندن لە شانۆی گەورە، تەنانەت نواندن لە شانۆنامەی کۆمیدی و پێکەنیناوی بۆ منداڵان ، جیاوازە لە نواندن لە شانۆنامەی تراژیدی و غەمگین.

هەربۆیە زانیاری تێۆری و خوێدنەوە دەربارەی هونەری شانۆ بە گشتی و هونەری نواندنی شانۆی بەتایبەتی ، یارمەتیت دەدات بەشێوەیەکی هونەری زانستی مامەڵە لەگەڵ دروستکردن و نمایشکردنی شانۆگەریی بکەیت ، لەناو پۆل و هۆڵ و لەسەر ستەیج.

## جوڵە چییە؟ What is Movement

لەپاڵ دەنگ و دیالۆگی ئەکتەر، جوڵە یەکێکیترە لە گرنگترین کەرەستەکانی دەربڕین لەلای ئەکتەر لە شانۆ و سینەماو دراماداٍ، چونکە بینەر لە ڕێگەی جەستەو ئەنجامدانی جوڵەی ئەکتەر، پەیوەندی لەگەڵ نمایش دروست دەکات و تێکەڵ بە کەشی نواندن و شانۆگەری دەبێت.

هاوکات جوڵە یارمەتی ئەکتەر ئەدات بە باشی سیفاتەکانی کاراکتەرەکەی پیشانی بینەر بدات، بۆ نمونە کاتێک کەسێک ڕۆڵی (سەربازێک یان پاسەوانێک، یان دکتۆرێک) دەبینێت لەڕێگەی شێوازی ئەنجامدانی جوڵەو ڕەفتارەکانی بینەر هەست سیفاتەکانی کاراکتەری ئەکتەرەکە دەکات. هەروەها جۆری پەیوەندی نێوان کاراکتەرەکان لەسەر ستەیج لەڕێگەی جوڵەکانیان دەردەکەوێت. بۆ نمونە کاتێک دوو ئەکتەر پێکەوە ڕۆڵی کەسایەتی ( نەخۆش و دکتۆر) دەبینین ، بێگومان لەڕێگەی جل و بەرگ و دیالۆگ و جۆری جوڵەکانیان کەسایەتیەکانیان بەباشی دەناسین لەسەر تەختەی شانۆ.

هەروەها زۆرجار لەڕێگەی شێوازی دانیشت و ڕۆشتن و جوڵەکانی ئەکتەرەوە ئێمە هەست بەلایەنی دەرونی و هەست و سۆزەکانی دەکەین لەکاتی نواندن. کەوا:

**سیفاتەکانی جوڵەی شانۆیی چیین؟**

١ - دەبێت ئەو جوڵەیەی ئەکتەر ئەنجامی ئەدات هەمیشە ڕوون و ئاشکرا بێت.

٢ - دەبێت جوڵە کە مانادار بێت.

٣ - دەبێت ئامانج و مەبەستێک هەبێت لە ئەنجامدانی جوڵەکە.

٤ - دەبێت لەکات و ساتی پێویست جوڵە ئەنجام بدرێت.

٥ - دەبێت جوڵەی هونەری و شانۆیی جوان بێت.

## جۆرەکانی جوڵە کامانەن؟

١ - جوڵەکانی دەم و چاو ( هێڵەکانی دەم و چاو)

٢ - جۆری وەستان

٣ - ئاماژە

٤ - پەیوەندی چاوەکان

٥ - لەناکاو

٦ - جوڵەی کورت و درێژ.

٧ - ئاراستەی جەستە.

.......................................

## ئاماژە چییە؟

ئاماژە واتە ماناو مەبەستی هەر جوڵەیەک کە ئەنجامی ئەدەین لە ژیانی ڕۆژانە لە کاتی نواندن لەسەر تەختەی شانۆ، واتە هەر جوڵەیەک، یان کۆمەڵە جوڵەیەک لەسەر ستەیج کە بۆ مەبەستێک و ئامانجێک ئەنجامی ئەدەین ، ئەوە دەبێتە ئاماژە. کەواتە مەرجی هەرە سەرەکی ئاماژە ئەوەیە کە ڕون ومانادار بێت، ئاماژەبێت بۆ دۆخێکی دیاریکراو ، بۆ نمونە کاتێک دەستت بەرز ئەکەیتەوە مەبەستی سڵاو کردن، جۆری جوڵەکە ئاماژەیەکی مانادارەو هاوکات مەبەست و ئامانجت هەیە لە ئەنجامدانی.................

## کردار چییە؟

بریتییە لە ئەنجامدانی کۆمەڵەجوڵەیەک لە لایەن ئەکتەرێک ،بە مەبەستی پیشاندانی کارێک یان ئەرکێکی دیاریکراو. بۆ نمونە ( کردەنەوەی دەرگایەک)، ( خوێندنەوەی کتنب)، ( نانخواردن)، ( ڕۆیشتن)، یان هەر کردارێکیتر کە کۆمەڵە جوڵەو ئاماژەیەکی دیاریکراو بەشداری تێدا بکەن.

## جۆرەکانی کردار؟

### یەکەم/ کرداری فیزیکی

هەموو جوڵەو کردارانە دەگرێتە ئەکتەر بە دەنگ و جەستەی ئەنجامی ئەدات لەسەر ستەیج، بۆ نمونە (( قسەکردن، گۆرانی وتن، سەماکردن، هات و ڕۆیشتن ، دانیشتن، وەستان))، یان هەر کردارێکیتر کە ئەکتەر لە ڕێگەی دەنگ و جەستەی ئەنجامی ئەدات لەسەر ستەیج.

### دووەم/ کرداری ڕاپۆرتی

واتە هەموو ئەو کردارانەی کە پێشتر ڕویانداوە و ئەکتەر لەسەر ستەیج جارێکیتر بۆ بینەریان دەگێڕێتەوە، بۆ نمونە، (( ڕوودانی ڕوداوێک، گێرانەوەی چیرۆکێک، یان بەسەرهاتێک)).

### سێهەم/ کرداری مێنتەڵی ( مێشکی)

کاتێک کەسێک تەماشای فیلمێک دەکات، یان خەریکی خوێندنەوەی ڕۆمانێکە، هەمیشە بیری لە پاشەڕۆژ و داهاتوو چارەنوسی کەسایەتییەکانی ناو فیلمەکە یان ناو ڕۆمانەکە دەکاتەوە، بەم بیکردنەوەو لێکدانەوانە مێشکی کەسەکە دەوترێت ( کرداری مێشکی ) یاخود مێنتەڵی.

## ئەکتەر کێیە؟

ئەکتەر ئەو هونەرمەندەیە کە کار دەکات بۆ بینینی ڕۆڵی کاراکتەرێک لە هونەرەکانی وەکو شانۆ، سینەما، دراماى تەلەفزیۆنی ، تەنانەت زنجیرە دارمایی ڕادیۆیی. ئەکتەر خاوەنی بەهرەیەکی ناوازەیە، چونکە توانای لاسایکردنەوەو ڕۆڵبینیی کەسایەتی جۆراو جۆری هەیە لەسەر تەختەی شانۆ. ئەکتەر بۆ نواندن و ڕۆڵ بینینێکی سەرکەوتو پشت دەبەستێک بە سێ کەرەستەو وزەوی گرنگ کە ئەوانیش بریتین لە ( دەنگ+ جەستە+ خەیاڵ).

کەواتە ئەکتەر ئەو کەسەیە، لەڕێگەی نواندن خەریکی گێڕانەوەی چیرۆک و کۆمەڵێک بەسەرهات و ڕووداوە، ئەکتەر ئەو کەسەیە کە لەڕێگەی هونەرەکەی گوزارشت لە خۆشی و ناخۆشییەکانی تاکو کۆمەڵگەو مرۆڤایەتی ئەکات.

## سیفاتەکانی ئەکتەر چین؟

**بەگشتی ئەکتەری بیانی و جیهانی خاوەنی چەندین سیفات و خەسڵەتی هونەرین، بەڵام لێرەدا ئاماژە بە بەشێک لە گرنگترین سیفاتەکانی دەکەین بۆ نمونە:**

**یەکەم/** یەکێک لە سیفاتە دیارەکانی ئەکتەر بوونی **توانای لاسایکردنەوە.**

**دووەم/** ئەکتەر **حەزو خولیایەکی** زۆری هەیە بۆ نواندن و هونەرەکانیتر.

**سێهەم/ خەیاڵێکی فراوانی** هەیەو دەتوانێت وێنای هەر کەسایەتیەک بکات کە دەیەوێت ڕۆڵی تێدا ببینێت.

**چوارەم/** ئەکتەر **جەستەو دەنگی** مەشقپێکراو ئامادەیە بۆ نواندن و ڕۆڵگێڕان.

**پێنجەم/ شارەزایی تیۆری** هەیە دەربارەی هونەری نواندن

**شەشەم/** بەردەوام لە **ئەزمون** و کارکردنی پراکتیکیدا خۆی دەدۆزێتەوەو توانا مرۆیی و زهنییەکانی خۆی بەرەوپێش دەبات.

## مێژووی سەهەڵدان و دروسبونی هونەری " نواندن"

(( نواندن ئەو بوارەیە کە وا دەکات ، هەلێک دروست بکات بۆ ئەکتەر بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو ڕۆڵ کەسایەتییە بەرجەستە بکات ، کە هەرگیز ناتوانێت لە ژیانی ئاسای خۆیدا ڕۆڵیان ببینیت))

نواندن ئەو بوارەیە کە وادەکات هەندێک بینەر بخاتە پێکەنین، هەندێکجاریش گریان، لە هونەری نواندن بینەر ئەزمونی هەندێک سات دەکات کە هەرگیز لە ژیانی ڕۆژانەدا نەیبینیوە.

هونەری نواندن مێژووەکەی دەگەڕێتەو بۆ سالآنی ( ٢٢٠-٥٥٠) بەرلە لەدایک بونی مەسیح، یەکەمین ئەکتەر لە مێژووی دراما و شانۆی جیهانی، ئەکتەرێکی گریکی بووە بەناوی ( سێسپس)، ئەو ئەکتەر لەسەرەتادا خولیایەکی زۆری هەبووە بۆ هونەری شعر، ئەو یەکەم کەس بووە کە نواندنی لەسەر ستەیج ئەنجام داوە، هەندێک لەوەباوەڕەدان سێسپس یەکەم کەس بووە تەنانەت هونەری " تراژیدی" دروست دروست کردوە. چونکە زۆربەی نمایش ونواندنەکانی ئەم ئەکتەر گریکیە لە جۆری تراجیدی و کۆمیدی و ئاینی بوون. ئەو زۆربەی نمایشەکانی خۆی لە ناو فێستیڤاڵەکان و گۆڕەپانی کراوەدا ئەنجام داوە. بەتایبەتی لەو فێستیڤاڵآنەی کە بۆ خواوەند ( دیۆنسیۆس) ساز دەکران.

فەیلەسوفێکی وەکو ( ئەرستۆ) لە کتێبە بەناوبانگەکەی بەناوی ( هونەری شعر) تەنها باسی چەمکی تراژیدیا دەکات وەکو دراما و شانۆ، ئەرستۆ کاتێک لەو کتێبەدا باس لە هونەری تراژیدی دەکات نمونەی سێ لە بەناوبانگترین نوسەرو شانۆنامە نوسە یۆنانیەکان دەهێنێتەوە بە ناوەکانی ( ئەسخیلۆس و سۆفۆکلس و یۆربیدس) بەڵام لە ڕاستیدا جگە لە هونەری تراژیدی پاشان هونەری کۆمیدی دروست دەبێت لە بەناوبانگترین نوسەرە کۆمیدییەکانی مێژووی گریکی کۆن بریتیە لە ( ئەرستۆفانیس).

لەپاشان ڕۆمانیەکان لە سالآنی ( ٢٤٠ – ٤٧٦) بەرلە لەدایک بونی مەسیح ، گرنگیان بە شانۆ نواندن دا، ڕۆمانیەکان هونەریان بەکاردەهێنان بۆ خۆشی وکات بەسەربردن، هەربۆیە لەکاتی سەردەمی کۆماری ڕۆمانیەکان و تەنانەت لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی

ڕۆمانیەکان ، حکومەت نواندن و نمایشی هونەرییان بەشێوەی بێ بەرامبەر دەدات بە خەڵک. ڕۆمانیەکان شانۆ و نمایشیان لە یۆنانیەکان وەرگرتبوو.لەو سەردەمەدا ڕۆمانیەکان دوو جۆر نمایشیان دەکرد کە ئەوانیش بریتی بوون لە پێشکەشکردنی دراماو شانۆ لەسەر عەرەبانەو گالیسە، لەگەڵ نمایشکردنی هونەری و نواندن و زۆرانبازی و شەڕکردن لەناو گۆڕەپان و سەر سەکۆکان.

پاشان لە سەدەی سیازدە و لە ساڵانی نێوان ( ١٤٠٠ -١٥٠٠) بەسەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست ناسرابوو، لەم سەردەمەدا شێوازی هونەری نواندن گۆڕنکاری بەسەردا دێت، چونکە هەندێک لە خەڵک و شانۆکاران بەشێوەی گروپی بچوک نمایشی شانۆ و نواندن لە وڵآتانی ئەوروپا پیشکەش بە خەڵک دەکەن. زۆربەی جۆری نمایشەکانیان بریتی بوون لە نمایشی ئەکرۆپاتیکی و سێرک و جمناستیک بوون.

هەندێک ئەکتەرو گروپی شانۆییتر نمایشی ( مایم) یان پێشکەش دەکرد، لەمجۆرە نمایشەدا ئەکتەرەکان لەبری زمانی وشەو دایەلۆگ، تەنها زمانی جەستەو جوڵەیان بەکار دەهێنا بۆ تێگەیاندنی بینەر.

تەنانەت لە سەدەکانی ناوەڕاست لە وڵاتی فەرەنسا جۆرێک لە نمایشی شانۆییان داهێنا کە تیایدا ئەکتەرەکان خەریکی گۆرانی وتن وسەما کردن دەبوون.

دواتر لە ساڵی (١٥٦٤) لە وڵآتی بەر ئینگلتەرا نوسەرو ئەکتەرو شانۆکارێکی مەزنی وەکو (شکسپیر) دەردەکەوێت ، شکسپیر سەرەتاو بەهۆی نوسینی هەندێک لە بەرهەم و شانۆنامەکانی لە شاری لەندەن ناوبانگ دەردەکات و دەناسرێت. لە گرنگترین شانۆنامەکانی شکسپیر بریتین لە شانۆنامەی ( هاملێت، ماکبێس، ڕۆمیۆ جولێت، شالیر) لەگەڵ چەندین شانۆنامەی کۆمیدی کورت و درێژ.

لەناو نمایشە شانۆییەکانی شیکسپیر تەنها پیاوان، یاخود ڕەگەزی نێر بۆی هەبوو نواندن ئەنجام بدات، واتە سەرەتا قەدەغەبوو خانمان نواندن ئەنجام بدەن. پاشان بەهۆی نمایشە شانۆییە کۆمیدیەکانی شکسپیر دواتر هۆڵێکی شانۆیی داخراوی بۆ خۆی دروست کرد بەناوی ( شانۆی گلۆب). جۆری نمایشەکانی شکسپیر بریتی بوون لە نمایشی مێژوویی، کۆمیدی،

پاشان لە سەدەی پازدە لە وڵاتی فەرەنسا جۆر نمایش و نواندنێکی تر هاتە کایەوە کە پێی دەوترا نواندن و شانۆی کلاسیکی، لەو جۆرە ستایلەدا ئەکتەرەکان کاریان لەسەر بابەتی ( ئاکاریی و بهێنی و کۆمیدی) دەکرد، لەوە گرنگتر بۆیەکم جار کۆمپانی شانۆیی دامەزرا بۆ ئەوە کەسانەی کە ئارەزووی هونەری نواندن و کاری ئەکتەر دەکەن لە شانۆدا. زۆربەی ئەو نمایشانەی کە وڵآتی فەرەنسا و شاری پاریس نمایش دەکران لە جۆری ( تراژی کۆمیدی) بوون، واتە سەرەتاو ناوەڕاستی نمایشەکان سروشتیکی تراژیدیان هەبوو، بەڵام کۆتاییەی پێکەنیناوی و کۆمیدیان هەبووە.

پاشان شانۆی مۆدێرن دروست دەبێت لە سەدەکانی شازدەو هەتاوەکو سەدەی نۆزە، کە چەندین نوسەرو دەرهێنەرو ئەکتەری بەناوبانگی ئەروپی و جیهانی تێدا دروست و هەڵدەکەوێت، تەنانەت لە گەڵ هەموو پێشکەوتنێکی کۆمەڵآیەتی و پیشەسازی و سیاسی لە سەرتاسەری جیهاندا، هونەری شانۆ و نواندن بەتایبەتی گۆڕانکاری گەورەو بنچینەیی بە خۆیەوە دەبینێت، و چەندین سیایلی هونەری نواندن پەیدا دەبێت.

تەنانەت لە کۆتای سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستەم، نواندنی سایکۆلۆجی و ڕیالیستی، واتە نواندنی واقعی دەبێتە یەکێکیتر لە دەستکەوت و داهێنانە گەورەکانی شانۆ و شانۆکارانی جیهان................

## گرنگی نواندن بۆ مامۆستای باخچە؟

زۆرجار بەشێکی زۆر لە ئێمە لەوباوەڕەداین کە هونەری ( **نواندن)** تەنها بوارێکە تایبەتە بە کارو پیشەی ئەو کەسانەی کە لە بواری ( ئاکتین- نواندن) و کاری هونەری سینەماو شانۆ و دراما، کار دەکەن. ڕەنگە ئەم بۆچونە بەشێوەیەکی گشتی لۆجیکی و ڕێ تێچوو بێت، بەڵآم وەڵآمێکی تەواو زانستی و قوڵ نیە، چونکە بواری **نواندن** هێندە بەرفراوان و گرنگە ، ڕەنگە زۆرجار پێویست بکات نەک بەتەنها ئەکتەرە شانۆیی و سینەماییەکان ،بەڵکو هەموو تاکێکی ناو کۆمەڵگە بەجۆرێک لە جۆرەکان شارەزاییەکی سنورداریان تێدا هەبێت..

چونکە **نواندن** جگە لەوەی ئامرازێکی گرنگی دەربڕینە بۆ ئەکتەر لە بوارەکانی شانۆ، سینەما، دراما، ڕادیۆ، هاوکات هەلێکی زێڕینە بۆ هەر کەس و تاکێک کە لە بواری پەروەردەیی و بەڕێوەبردن و گەشەی مرۆیی و کایە جیاوازەکان کار دەکات، چونکە هەموو تاکێکی سەرکەوت و لە زۆرێک لە بوارە ئەدەبی و زانستی و پەروەردەیی و هونەرییەکان، زۆرجار پێویست دەکات ( ئەدایەکی سەرکەوتوانە) ئەنجام بدات بۆ گەیشتن بە مەبەست و ئامانجە باڵاکانی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و پیشەیی خۆیدا، بۆ ئەم مەبەستەش وادەخوازێت ، هەموو کەسێک لە هەربوارێک کاربکات شارەزای هونەری مامەلەکردن بێت لە گەڵ ( تۆنی دەنگ) ، (جوڵەی جەستە) ، ( ئاماژە کردن) ، ( شێوازی بەکارهێنانی جوڵە) بێت لەگەڵ کەسی بەرامبەر، یاخود لەگەڵ ئەو کەسانەی مامەڵەو کاریان لەگەڵ دەکات. هەڵبەت هەموو ئەم نمونانەش پێکەوە لە هونەردا پێیان دەورترێت ( هونەر **نواندن)** ، یاخود ( **خۆنواندن)** لەبەردەم ئەوانیتردا. هەربۆیە مامۆستای قوتابخانە ، زانکۆ، تەنانەت مامۆستای باخچەو دایەنگەی منداڵان پێویستی بەوەیە کە شارەزای هونەری **نواندن** بێت چونکە بەشێک لە سەرکەوتنی لەکارو پیشەی مامۆستایەتی لەبەرامبەرمنداڵان ، پەیوەندی بەوە هەیە کە، تاچەند ئەو مامۆستایە شارەزیی هونەری ئەکتەرو نواندنە. چونکە زۆرجار، مامۆستای باخچە بەبێ ئەوەی ئاگادار بێت و هەستی پێ بکات، خەریکی نواندنە بۆمنداڵاکەکان بەدێژای کات و ماوەی کارکردنی لە دایەنگەو باخچەکان. هەربۆیە لێرەدا دەبێت بپرسین کە :

# بۆچی هونەری نواندن گرنگە بۆ مامۆستای باخچە؟

**یەکەم/ کەسایەتی مامۆستا ئامادەو دروست دەکات**

ئاشکرایە کاتێک هەموومان لە کە دایک دەبین ، ئاگاداری کارو پیشەی مامۆسیایەتی نین، بەڵام لەژیانی منداڵی و هەرزەکاری و گەورەیماندا ، ڕۆژانە بەشێکی زۆرمان هەڵدەستین بە بینینی چەندین ڕۆڵی جیاواز لەگەڵ خۆمان و کەسانی دەوربەرمان.

واتە کاتێک دەبیت بە مامۆستا تۆ لەبەردەم جۆرێک لە بەرپرسیارێتیت ئەوەیش ئەوەیە ڕۆژانە بە باشی ڕۆڵی کەسێک ببینیت کە پێی دەوترێت ( مامۆستا)، ئەم کەسە بەشێک لە ئامادەکارییەکانی پەیوەندی بە سیماو شێوە و جل و بەرگی هەیە، بەشێکی گرنگتری کارەکەی پەیوەندی بە نواندن و ( ڕۆڵ) بینینی هەیە وەکو مامۆستایەکی سەرکەوت و لەبەردەم قوتابی، یاخود منداڵاکانی بەردەستی لە باخچە.

چونکە وا دەخوازێت مامۆستای باخچە بەشێوەیەکی جوان و سەرکەوت و پرۆگرام و برگەو چالاکییەکانی پێشکەش بە شوێنی کارو منداڵەکان بکات، هەڵبەت ئەم کارەش پێویستی بە مامۆستایەکە کە بەباشی نواندن لەو ڕۆڵەدا بکات. کەواتە کەسایەتی مامۆستا سەرەتا جۆرێک لە کاراکتەر کە دەبێت لە ڕێگەی تواناو لێهاتویی و نواندنێکی ڕاستگۆیانە پیشانی بدەیت.

**دووەم/ توانای لاسایکردنەوە بەهێز دەکات**

مامۆستای باخچە بۆ ئەوەی بەباشی برگەو چالاکییە هونەرییەکانی بەگشتی، وە چالاکییە شانۆییەکان بەتایبەتی بگەیەنێتە منداڵان، پێویستە تواناو کارامەیی هەبێت لە بواری لاسایکردنەوە. چونکە سروشتی منداڵ بەجۆرێکە حەز بە لاسایکردنەوەی ئاژەڵان ، خۆیان، کەسی گەورە، کەسایەتی ناو کارتۆن و فیلمەکان دەکەن، هەربۆیە هونەری لاسایکردنەوە وەک بەشێک لە هونەری کردەی نواندن وادەکات مامۆستا بە ئاسانی هەرچی ئامانج و برگەو چالاکی هونەری و هەیە لە بواری نواندن و دراما لە ڕێگەی تەکنیکی لاسایکردنەوە بگەیەنێتە منداڵان.

ئەمە جگە لەوەی چەندین بڕگەی هونەری و فێرکاری هونەری مامۆستای باخچە پەیوەندی بە لێهاتوی مامۆستا هەیە وەکو ( لاسای کەرەوەیەک) بۆ نمونە، گێرانەوەی چیرۆک، ئەنجامدانی چالاکی نواندن ورۆڵ بینین، لاسایکردنەوەی چەندین کەسایەتی و دەنگی ئاژەڵان لە بڕگەی نواندن و سەماکردن لەگەڵ منداڵآن. هەموو ئەمانە پشت بە لێهاتوی و توانای لاسایکردنەوەی مامۆستا دەبەستێت.

**سێهەم/ ڕوونی و ڕەوانبێژی**

هەموو ئەوانەی لە بواری شانۆ وکاری نواندن ئەزمون و کار دەکەن، بەختێکی باشیان هەیە، چونکە ڕۆژانە کار لەسەر چەندین جۆر بابەت و دایەلۆگی شانۆیی دەکەن، ئەمەش وادەکات جۆرێک لە ڕوونی و ڕەوانبێژی ، یاخود هێزو لێهاتویان هەبێت لەکاتی قسەکردن ، چونکە زۆر مامەڵە لە گەڵ تێکست و دایەلۆگ و زمان دەکەن، ئەمە جگە لەوەی مامۆستای شانۆ بەشێکی کارو ژیانی لەسەر ستەیج خەریکی نواندن و ڕۆڵ بینین و گفتوگۆیە لەگەڵ ئەکتەرەکان. ئەمەش وادەکات جۆرێک لە توانا بدات بەلایەنی دەربڕینی دەنگی و زمانەوانی. هەرئەمەشە وادەکات مامۆستای هونەری نواندن لەکاتی قسەکردن باشتر مامەڵە لە گەڵ چین و توێژە جیاوازەکان بکات ، بەتایبەتی چینی منداڵ کە توانای دەربڕینی زمانی و دەنگی لاوازو ناکاملە لە قۆناغی باخچە.

ئەمە جگە لەوەی هونەری نواندن یارمەتی مامۆستا ئەدات ، توانای تێگەیاندنی منداڵی خێراترو کاراتر بێت ، چونکە مامۆستای شانۆ و ئەکتەری شانۆیی توانانی تێگەیشتینیان لە بەرامبەر خێراترە بە بەراورد بە کەسی ئاسایی.

**چوارەم/ هێزی باوەڕ بەخۆبون**

کاتێک ئەکتەرێک لەسەر ستەیج دایەلۆگ دەڵێت، جوڵەو کردارو ئاماژەی جەستەیی جۆراوجۆر ئەنجام دەدات، واتە ئەو ئەکتەرە کە خاوەنی ئەم جۆرە کارامەییانەیە ، هاوکات باوەڕێکی نائاسایی بە تواناکانی خۆی هەیە، چونکە دەتوانێت لە بەردەم سەدان و هەندێکجار هەزارن کەس و لەسەر تەختەی شانۆ قسە بکات و نواندن ئەنجام بدات.

تەنانەت هەموو کەسێکی پیشەمەند  پێویستی بەم هێز و کارامەییە هەیە، تەنانەت مامۆستای باخچە پێویستی بە هەمان کارامەیی و هێزی باوەڕ بەخۆ بوون دەبێت، چونکە شەرم و ترس و دڵەڕاوکێ ، یان لەدەستدانی هێزی باوەڕ بەخۆبون لەلای مامۆستا دەبێتە هۆکاری لەدەستدانی کۆنترۆڵی پۆل و منداڵەکان. ئەمەش وادەکات نەتوانێ بە ئاسانی بگات بە ئامانج و ئەنجامی ئەرێنی لە گەڵ منداڵآن لە باخچە.

هێزی باوەڕ بەخۆبون کە سیفاتێکی سەرەکیی ئەکتەرە لە هونەری شانۆو سینەماو درامای تەلەفیزیۆنی، وا لە ئەکتەر دەکات هەمیشە لەبەردەم خەڵکانی ئاسایی و لەبەردەم کامێراو میدیا،  بەهێزو  کەسایەتییەکی کایرزماتیکی دەربکەوێت. لەبەر ئەم هۆکارە  کە مامۆستاش دەبێت خاوەنی هەمان سیفات و بەهرە بێت، هەڵبەر لە پێناو کۆنترۆڵکردنی

## پێنجەم/ لێهاتویی لەنواندن بۆ مناڵ

نواندن لە زۆر کات و ساتی دیاریکراودا ، ئەبێت فریادڕەس و هاوکارێکی باش بۆ مامۆستا لە پرۆسەی پەروەردەکردن  لە باخچە، چونکە بەشێکی گرنگ لە بڕگەو بابەتە ئەدەبی و هونەرییەکانی وەکو            ( گێرانەوەی چیرۆک)، ( وتنی گۆرانی و سەماکردن)، ( نواندنی پانتۆمایم و شانۆی بوکەڵە)، ( بڕگەی لاسایکردنەوەی دەنگی ئاژەڵەلآن و مرۆڤەکان)، ( ئەنجامدانی چالاکی تری شانۆیی) هەموو ئەمانە پێویستی بە کەسێک و مامۆستایەکە کە شارەزای کاری ئەکتەر هونەری نواندن بێت.  چونکە ئەنجامدانی هەموو ئەم کارو چالاکییە جۆراوجۆران پێویستی زانین و ئەنجامدانی نواندنی مامۆستا هەیە.

## شەشەم/ نەهێشتنی داخراوی و شەرم:

هونەری نواندن جگە لەوەی یارمەتی مامۆستا ئەدات باوەڕی بەخۆی هەبێت و بەباشی کرداری لاسایکردنەوە بۆ منداڵ ئەنجام بدات، هاوکات یارمەتی مامۆسا ئەدات شەرم و داخراوی نەمێنێت لەبەرامبەر ئەنجامدانی جوڵەو ئاماژەو نواندن لە بەردەم منداڵ و بینەرو خەڵک ، ئەمەش وادەکات تواناو بەهرەکانی خۆی زیاتر دەربخاتەو پێش بکەوێت.

## بۆچی هونەری لاسایکردنەوە گرنگە بۆ منداڵ

بەگشتی هەموو منداڵێک کاتێک تەمەنی ئەبێت بە دوو ساڵ ، لەپاڵ گەشەکردنی ئاستی زمانی، هاوکات فێری چەندین کارامەیی و توانای تازە دەبێت، یەکێک لەو کارامەیی و توانا تازانەی کە منداڵ فێری دەبێت بریتیە لەلاسایکردنەوەی ئەو شتانەیە کە ( دەیان بیستێت)، یان ( دەیانبینێت)، لە زۆرێک لە توێژینەوە زانستییەکاندا دەرکەوتوە کە منداڵ لە تەمەنی دوو بۆ پێنج ساڵی هەموو هەوڵێک ئەدەن بۆ ئەوەی سود لە کەرەستەو کەل و پەلەکانی دەوروبەری خۆیان وەربگرن لە پێناو لاسایکرنەوەی هەرشتێک کە پێیان خۆش بێت، یان ڕقیان لێ بێت.

هەربۆیە یاری و مەشقە هونەرییەکانی تایبەت بە لاسایکردنەوە زۆریار مەتی گەشەکردنی لایەنی ( ژیریی) منداڵ ئەدات. ئەمە جگە لەوەی کە هونەری لاسایکردنەوە لەلای منداڵ ، هۆکارێکی گرنگە بۆ پێدانی ( چێژ) و خۆشی. بەڵام لێرەدا دەبێت پرسیارێک بکەین...

ئایا سیفاتی (**لاسایکردنەوە**) لەلای منداڵ **بۆماوەییە؟** یاخود **فێری دەبێت؟**

یەکێک لە دەروونناسە بەناوبانگەکانی سوید بەناوی ( جان پاجیت) لەوباوەڕەدایە منداڵ بە سروشتی خۆی لە ساتی لەدایک بونیەوە هەتا تەمەنی چوار ساڵی مەیل و خولیایەکی زۆری هەیە بۆ لاسایکردنەوەی کردارو ڕەفتارو شێوازی قسەکردن و دەنگی ئەو کەس و ئاژەڵ و باڵندانەیە کە ڕۆژانە دەیابینێت و دەیان بیستێت.

کەواتە دەکرێت لێرەدا ئاماژە بە **سودەکانی لاسایکردنەوە بۆ منداڵ** بدەین/

**یەکەم/** منداڵ لەڕێگەی لاسایکردنەوەی توانای ژیریی و هەستکردنی بە ژینگەی دەوروبەر دەردەکەوێت

**دووەم/** لاسایکردنەوەی چێژو خۆشی ئەبەخشێت بە منداڵ.

**سێهەم/** لەڕێگەی لاسایکردنەوە پرۆسەی فێربونی خێراتر ئەبێت.

**چوارەم/** توانای تێگەیشتنی زیاد دەکات.

## نواندن بۆ مناڵ

هەموو منداڵێک بە بێ ئەوەی بزانێت هونەری شانۆ و کرداری نواندن چییە، بۆ خۆی بەشێوەیەکی ئاسایی (( ئەکتەرێکی)) سروشتییە، چونکە ئەگەر ئێمە لە دوورەوە چاودێری منال بکەین، کاتێک لە شێوەیەی گروپ لەگەڵ هاوڕێکانیان خەریکی یاریکردنن، بۆمان دەردەکەوێت کە شێوازی گەمەو جوڵەو یاریکردنەکەیان وەکو ( دیمەنێکی شانۆیی) ڕێکخستوە.

کەواتە لە بنەڕەتدا شێوازی یاریکردنی منال بۆ خۆی جۆرە تەقس و کەشێکی هونەریی و شانۆییە کە بەشێوەیەکی ئازادانە منال ڕۆڵی و خۆی تێدا دەبینێت.

ئەمە جگە لەوەی کە کە هونەری نواندن و شانۆ بەگشتی نەک بۆ منداڵ ، بگرەو گەنج و گەورەش چێژو خۆشی لێ ئەبینن. هەربۆیە دایک و باوکان لەم سۆنگە گرنگەوە زۆرجار منالەکانیان دەبەن بۆ بینینی نمایشی شابۆی بۆ ئەوەی ئاستی ژیاریی و کۆمەڵایەتی منداڵەکانیان بەرەو پێش بچێت.

**هەربۆیە لێرەدا ئاماژە بە سودەکانی نواندن بۆ منال دەکەین /**

**یەکەم/ چێژ وەرگرتن لە میانی نواندن**

بەرلەوەی هونەری نواندن ئامرازێک بێت بۆ پەروەردەو فێرکرنی منال، سەرچاوەیەکی گەورەی چێژی و خۆشییە. چونکە منال لە میانی شانۆ و نواندن لەسەر تەختەی شانۆ گۆرانی دەڵێت، سەما دەکات، دیالۆگ دەڵێت و کرداری جۆراوجۆر لەگەڵ هاوڕێ ئەکتەرەکانی ئەنجام ئەدات.

**دووەم/ هێزی باوەڕ بەخۆبون لەلای منال**

منال هەندێک جارو بەهۆکاری جیاواز لە تەمەنی منالیدا توشی ترس و دلەڕاوکێ و لاوازی کەسێتی دەبێت، ڕەنگە هۆکارەکان پەروەردەیی و ژینگەیی بن، هەربۆیە نواندن یارمەتی منال ئەدات دووبارە لەڕێگەی وتنی دیالۆگ و ئەنجامدانی جوڵەو سەماو گۆرانییەوە ، هێزی باوەڕ بەخۆبون تیایدا گەشەو زیاد دەکات. هێزی

باوەڕبەخۆبون وا لە منداڵ دەکات کەسایەتییەکی بەهێز هەبێت لە قوتابخانەو سەرکەوتو بێت لە ناو هاوڕێکانی.

**سێهەم/ گیانی هاوکاری**

منالْ لە ڕێگەی نواندن هەست بە کەسایەتی و کاراکتەرەکانی دەوروبەری خۆی دەکات هەست بە کێشەو خۆشی و ناخۆشییەکانیان دەکات، بەم ڕێگایە هەستی بەرپرسیارێتی و گیانی هەستکردنی بە کەسانی دەوروبەری زیادتر دەبێت.

**چوارەم/ بەهێزکردنی پەیوەندی کۆمەڵآیەتی**

شانۆ و نواندن کردارێکی بە کۆمەڵە، ئامرازێکە بۆ باشترکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان مناڵان و هاوکات پەیوەندی نێوان گەورەو مناڵان بەبێ ترس و شەرم لەیەکتر. چونکە بەدرێژای کات و پرۆسەی کارکردن لە شانۆدا منالْ تێکەڵ دەبێت لەسەر تەختەی شانۆ لەگەڵ هاوڕێکانی ، ئەمەش هەلێکی باشە بۆ کراوەنەی کۆمەڵایەتی و دروست بونی پەیوەندی هاوڕێیەتی لە نێوان مناڵان.

**پێنجەم/ بەرزبونەوەی ئاستی خوێندنەوە**

هەمیشە منداڵ لەکاتی نواندن لە شانۆدا دەبێت هەندێک چێرۆک بگێڕێتەوە دەربارەی منالْ، گەورە، گیانداران، داب و نەریت و ئاکاری کۆمەڵآیەتی، هەموو ئەم باسانە دەبێت لەبەر بکات و پاشان لەسەر تەختەی شانۆی بیانڵێت، هەربۆیە منالْ هەمیشە لە کرداری خوێندنەوەی بەردەوامی شانۆنامەدا دەبێت، ئەمەش ئاستی خوێندنەوەی منالْ بەرزو خێرا دەکات.

**شەشەم/ سەرنجدان**

لەکاتی نواندن منالْ چەندین کار دەکات پێکەوە، بۆ نمونە ، دیالۆگ دەڵێت، سەما دەکات، گۆرانی دەڵێت، جولەی جۆراوجۆر ئەنجام دەدات، هەموو ئەمانە کۆمەڵێک مەشقی هونەری گرنگن بۆ ئەوەی ئاستی سەرنجدان و وریابونی منالْ بەرزو چالاک بکات.

**حەوتەم/ یادەوری بەهێز**

منداڵ کاتێک خەریکی لەبەرکردن و وتنەوەی دیالۆگەکانی ئەو کەسایەتییە کە ڕۆڵی تێدا دەبینێت لە شانۆگەرییەکدا، سروشتی کارەکەی وا دەخوازێت کە بەردەوام خەریکی وتنەوەو دوبارەکردنەوەی دیالۆگەکانی بێت،ئەمەش هاوکارێکی باشە بۆ بەهێزکردنی یادەوەری منداڵ .

**هەشتەم/ دیسپلن یان خود کۆنترۆڵکردن**

منداڵ دەتوانێت نواندن ئەنجام بدات، واتە کاتێک منداڵ لە یەک کاتدا دیالۆگ دەڵێت و جوڵە ئەنجام ئەدات خەریکی پیشاندانی سیفاتەکانی کەسایەتی و کاراکتەرەکەیەتی بەباشی لەپێش چاوی بینەر. ئەم ئەزمونە منداڵ فێر دەکات بە ئاسانی کۆنترۆڵی هەست و هەڵس و کەوتی خۆی بێت لەڕووی کۆمەڵآیەتییەوە لەگەڵ خێزان و هاوڕێ و هاوپۆلەکانی. چونکە لەڕیگەی نواندن و ڕۆڵبینین فێری دەبێت کەی و لە کوێ قسە بکات ، یاخود گوێ لە بەرامبەرەکەی بگرێت.

**نۆیەم/ توانای دەربڕین**

هەموو ئەکتەرێکی شانۆیی و تەنانەت ئەکتەری بواری سینەماو درامای تەلەفزیۆنی ، لەبەر ئەوەی بەردەوام خەریکی ڕۆڵ بینینە ، سروشتی کارەکەی وا دەخوازێت هەمیشە لە پرۆسەی گفتوگۆ و قسەکردن و دیالۆگ وتنە لە نواندندا، هەر بۆیە منداڵ کاتێک هەمان کردارو پرۆسە ئەنجام ئەدات، ئەم ئەزمونە وایلێدەکات توانای دەربڕین و قسەکردنی جیاواز بێت لە گەڵ منالّی ئاسایی و ئەوانەی کەکاری نواندن ئەنجام نادەن.

**دەیەم/ فێربونی وانەی مۆڕاڵی و ئەخلاقی**

هەموو نمایشێکی شانۆیی منالّآن لە ناوەڕۆکدا هەڵگری چەندین پەیامی مرۆڤانەیە دەربارەی ، ژینگە، ئاژەڵەکان، هاوڕییەتی، گیانی هاوکاری ، ڕێزگرتن لە دەوروبەر، چارەسەرکردنی کێشەکان، هەموو ئەم ئامانجانە لە ڕێگەی هونەرو نواندن، منداڵ فێری وانەی گەورەو گرنگی کۆمەڵایەتی ئەخلاقی ئەکەن. لێرەدا دەکرێت هونەری شانۆ ئامرازێک بێت بۆ پەروەردەی کۆمەڵایەتی منالّ.

**یانزەیەم/ بوون بە ئەکتەر**

ڕەنگە ئامانجی هەرە سەرەکی هونەر و نواندن بۆ منداڵ بریتی بێت لە پێدانی چێژ و خۆشی بە مناڵ،هاوکات دەکرێت شانۆ ئامرازێکی پەروەردەی فێرکردن بێت لەناو پۆل، بەڵام لەهەمان کاتدا زۆرجار منداڵآن بەهرەکانیان لە بوارەکانی مۆسیقا، شانۆ ، شێوەکاری ، سەماو گۆرانی لە قۆناغی باخچەوە دەردەکەوێت، بۆیە دەکرێت لە پاڵ هەموو ئەو سودانەی کە باسمان کردن، نواندن هەلێکی باش بێت بۆ دۆزینەوە بەهرەی نواندن و ئەکتەری، بۆ منداڵ لە داهاتودا. واتە دەکرێت هونەری نواندن لەپاڵ چێژو خۆشی ، چانسێک بێت بۆ ئەوەی بەهرە شاراوەکانی مناڵی تێدا بدۆزێتەوە لە بواری نواندن و ڕۆڵ بینین.

..........................................

## چۆن منداڵ دەبێت بە ئەکتەر؟

هەموو منالێک لە بنەڕەتداو بە شێوەیەکی سروشتی ئەکتەرێک لە ناخیدا هەیە، هەروەک چۆن وێنەکێشی بەناوبانگی ئیسپانی و جیهانی ( پابلۆبیکاسۆ) دەڵێت : **" هەموو کەسێک لە منداڵیدا هونەرمەندە، بەڵام کە گەورە دەبێت دایک و باوک و ژینگەی دەوروبەری، بیری دەبنەوە کە ئەو لە منداڵیدا هونەرمەند بووە" .**

کەواتە زۆرکەس بەشێوەیەکی سروشتی حەزو خولیاو مەیل و بەهرەی هونەری هەیە، بەتایبەتی حەز بۆنواندن و کاری ئەکتەر، لە هەموو منداڵیکدا بەدی دەکرێت، چونکە هەریەکێک لە ئێمە لە منداڵیدا ڕۆژانێک بەهۆی سەرگەرمی یاریکردنەوە خەریکی تاقیکردنەوەی جۆرەکانی نواندن بووین، بۆ نمونە کاتێک منال خەریکی لاسایکردنەوەیە لە یارییەکەیدا، بێ ئەوەی ئاگادار بێت ئەو خەریکی ڕۆڵ بینین و نواندنە، چونکە چەمکی ((**لاسایکردنەوە**)) نەژادەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شانۆ و دراما ، چونکە لە بنەڕەتدا هونەری نواندن لە سەرەتای سەرهەڵدان و دروستبونی لەلای گریکە کۆنەکان، بەهونەری لاسایکردنەوە دەستی پێکردوە و پاشان ناوەکەی دەگۆڕیت بۆ (( **یاریکردن**)) دواتریش دەبێت بە(( **نواندن**)).

کەواتە منالْ بە دوو ڕێگە دەبێتە ئەکتەر ، سەرەتا بەهۆی حەزو خولیای بۆ یاریکردن و لاسایکردنەوە دەنگی ئاژەڵ و سیفات و ڕەفتاری هەندێک لە هاوڕێ و کەسە نزیکەکانی، یان لەڕێگەی کارکردنی منداڵ لە بواری نواندن لە شانۆدا. بەتایبەتی بەشداریکردنی منداڵ لە قۆناغی باخچە هەلێکی گونجاوە بۆ ئەوەی تێکەڵ بە دنیا هونەر بەگشتی و شانۆ و نواندن بەتایبەتی ببێت.

یاخود لە ڕێگەی وەرگرتن و بەشداریکردن لە خول و وۆرکشۆپی تایبەت بە ئامادەکردن و پەروەردەکردنی منداڵ بۆ نواندن لەلایەن خەڵکانی شارەزاو پسپۆڕ و ئەکتەری پرۆفیشناڵ لە قۆناغی سەرەتای و ناوەندی دا.

کەواتە منداڵ دەتوانێت بە زۆر ڕێگاو زۆر شێواز ببێت بە ئەکتەر لە هونەری شانۆدا، بەڵام تەنها ڕێخۆشکردن و هاندانی لەڕێگەی دایک و باوک و مامۆستایانی باخچەو قوتابخانەکان.

## کاریگەری نواندن لە پرۆسەی فێکردنی منداڵ

هەمیشە باخچەو دایەنگەکان، قوتابخانەو زانکۆکان بۆ قوتابی و خوێندکاران ئەبنە جێگەیەکی گرنگ و خۆش ئەگەر مەنهەج و میتۆدی فێکردن تیایاندا گونجاو سەردەمیانە بێت.

هەربۆیە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی نواندنی وەکو دەنگ و جوڵەسازی لەناو پۆل لەلایەن مامۆستا، بەشداریکردنی قوتابی بە نواندن و ڕۆڵ بینین لە کاتی شیکردنەوە وباسکردنی بابەت و وانە پەروەردەیی و زانستییەکان. نمونەو ڕێچکەیەکی زۆر سەردەمی و سەرکەوتوانەیە لە چۆنێتی ئاسانکردنی پرۆسەی خوێندن و فێرکردن لە باخچەکان هەتاوەکو دەگاتە ئاستی خوێندن وپەروەردەکردنی تاک لە زانکۆکان.

هەربۆیە لە ئێستادا مامۆستا لە هەموو کات و سەردەمێک زیاتر دەتوانین تەکنیکەکانی نواندن لە ئەکتەر فێر بێت بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی پراکتیکی و بۆ خۆی لەناو پۆل پشت بە نواندن ببەستێت بۆ ئەوەی وانەکەی ، یان پرۆگرام و مەنهەجە پەروەردەیی و زانستییەکی، بە شێوازێکی شیاو و سەرنجڕاکێش پێشکەش بە منداڵ و قوتابی بکات.

ئەگەرچی لە سەردەمی ئێستادا بە هۆی پێشکەوتنی ئامرازە تەکنەلۆجی و تەکنیکیکان پرۆسەی خویندن تاڕادەیەک کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئامرازە ئەلکترۆنیەکان بۆ نمونە بەکارهێنانی داتاشۆ، وایت بۆرد، یارمەتی ئاسانکردنی کرداری وانە وتتنەوەو فێرکردن ئەدات بە مامۆستا.

بەڵام هیچ ئامرازێک هێندەی توانا مرۆییەکانی مامۆستا هاوکارو یارمەتیدەرنین لە چۆنێتی گواستنەوەی زانیاری بە منداڵ بە ئاسانترین و چێژبەخشترین شێواز.

ڕەنگە نواندن یەکێک بێت لەو ئامرازانەی کە لە یەک کاتدا یارمەتی مامۆستا ئەدات بۆ ئەوەی وانەکەی بەباشی بگەینێتە ناو مێشک و دەرونی منداڵ، هاوکات منداڵ یان قوتابیش بەشدارییەکی چالاک پێ دەکات. چونکە مامۆستا لە باخچەو قوتابخانە دەتوانێت بڕگەو بەش و دیمەنی شانۆی ئامادە بکات سەبارەت بەو وانانەی دەیان لێتەوە. ئەمەش وادەکات منداڵ بۆ هەمیشە بڕگە زانستی و پەروەردەییەکانی وانەکان لەیادیان بمێنێت.

## کاریگەری کردەی نواندن لە سەر دەرونی منداڵ

لەزۆر لایەنەوە شانۆ یارمەتی گەشەکردنی منداڵ ئەدات، بۆ نمونە نوسەرو ڕاهێنەری گەورەی ئەمەریکی (( ڤیۆلا سپۆلین)) لە کتێبە بەناوبانگەکەی خۆی بەناوی (( شانۆی ئیمپرۆ)) دەڵێت **" شانۆ و یارییە شانۆییەکان لە قۆناغەکانی منداڵی و قوتابخانەدا منداڵ لە سەرەتای ڕۆژدا لە ڕووی دەرونی و جەستەییەوە ئامادە دەکات بۆ خوێندن و فێربونی وانەی نوێ"** .

ئەمە جگە لەوەی کاتێک منداڵ نواندن ئەنجام ئەدات لەپێش چاوی بینەر و هاوڕێکانی، لە ڕووی دەرونییەوە زیاتر هەست بە کەسایەتی و بونی خۆی دەکات. واتە هونەری نواندن جۆرێک لە پشتگیری و ورەی دەرونی ئەدات بە منداڵ. بەمەش زیاتر خۆی خۆش دەوێت و زیاتر حەز بە تێکەڵ بون و ژیان دەکات.

هاوکات نواندن پانتاییەکی گرنگ لە هەستی ئازادی ڕادەربڕین و سەربەستی ئەکاتەوە بۆ منداڵ، چونکە هەموو ئەو دیالۆگ و بیرۆکەو چیرۆکانەی لەسەر تەختەی شانۆ منداڵ نواندنیان تێدا دەکات، هەڵگرتی کۆمەڵێک ئاکارو پەیامی مرۆیین کە منداڵ خۆی تێدا دەبینێتەوەو بەوپەڕی ئازادیی و باوەڕبەخۆبونەوە گوزارشتیان لێ دەکات و دەریان دەبڕێت.

هاوکات منداڵ لەڕێگەی نواندن و ڕۆڵ بینی کەسایەتی جۆراو جۆر هەست بە کێشەو گرفت و ناخۆشییەکانی کۆمەڵگەو تاک ومنداڵانی دەوروبەری خۆی دەکات، بۆ نمونە کاتێک منداڵێک ڕۆڵی (( منداڵیکی هەژارو نەدار) دەبینێت ، ئەم منداڵە لە ڕێگەی پرۆسەی نواندنەوە بە باشی هەست بە ئازارو نەهامەتی منداڵی نەدارو هەژار دەکات، ڕەنگە ئەم ئەزمونە لە دواڕۆژدا وا لە منداڵەکە بکات ، ببێتە خاوەنی بیرۆکەو پرۆژەی خێرخوازی یارمەتی خەڵک و منداڵانی هەژار بدات لە ناو کۆمەڵگە.

کەواتە ئەگەر منداڵ بتوانێت بەشداربێت لە کاری هونەری و شانۆیی، بێگومان ئەم ئەزمونە ڕێ خۆشکەر ئەبێت بۆ ئەوەی لەڕووی دەرونیەوە باشتر ئامادەبێت بۆ پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە قۆناغی باخچەو قوتابخانە.

## ستۆری تێڵین - ( چیرۆک گێرانەوە) چییە؟

لەوکاتەی مرۆڤ زمانی گرتوەو فێری قسەکردن و گێرانەوە بووە ، لەناو کۆمەڵگە سەرەتایی و خێلەکییەکاندا دیاردەی گێرانەوەی چیرۆک بونی هەبووە. ستۆری تێڵین یاخود ، گێرانەوەی چیرۆک بریتیە لە هەوڵی کەسێک بۆ گێڕانەوەو باسکردنی بیرۆکەیەک، چیرۆکێک، بەسەرهاتێک، یان ڕووداوێک بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکراو هاوکات بەشێوەیەکی زیندو پڕ لەهەست و ڕاستگۆیی.

گێرانەوەی چیرۆک بریتیە لە توانای کەسێک لە چۆنێتی باسکردنی چیرۆک بەشێوەیەکی کاریگەرو بەهێز. یاخود گرتنەبەری شێوازێکی دیاریکراوە، یاخود ستایلێکی دیاریکراوە بۆ ئەوەی بە جوانترین و کاریگەرترین شێواز. مەبەست و ماناو وێنەکانی ناو چیرۆک و بەسەرهاتێک بگەیەنێتە گوێی و چاوی بینەر، یاخود بیسەر.

دەکرێت چەندین ئامانج لە گێڕانەوەی چیرۆک و ستۆری تێللین هەبێت، بۆ نمونە لە کۆندا ئەم شێوازە گیراوەتە بە گێڕانەوەی بەشێک لە چیرۆک و بەسەرهاتە گرنگەکانی ناو مێژوو، یان بۆ گێڕانەوەی چیرۆک و حیکایەتە ئەفسانەیی و خەیاڵییەکان.

لە ئێستاشدا گێرانەوەی چیرۆک، یان چیرۆک گێرانەوە لە هونەری شانۆ و سینەما بەکاردەهێندرێت وەکو ڕەگەزێکی هونەری سەربەخۆ لەپێناو پێدانی زانیاری دەربارەی چیرۆک، یان روداو بەسەرهات.

تەنانەت ئەم لایەنە پەلیکێشاوەتە ناو دنیای پەروەردەکردنی منداڵان لە قۆناغی منداڵی و بەتایبەتیش لە قۆناغی باخچە. چونکە منداڵان لەم قۆناغە گرنگەدا خەیاڵیان بە شێوەیەکی کاراو ئاکتیڤ و بەبەردەوامی خەریکی وێناندن و تێکەڵکردنی دنیای واقعن بە دنیای خەیاڵ. چونکە منداڵ خاوەنی پانتاییەکی بێ سنورە لە خەیاڵ و فەنتازیا.

ئەمە جگە لەوەی تەکنیکی (( گێڕانەوەی چیرۆک))، لە ئێستادا وەکو کەرەستەیی پەروەردەیی بۆ ئاسانکردنی پرۆسەی فێرکردن لەلای منداڵ بەکار دەهێندرێت، چونکە (( چێرۆک گێڕەڕەوە)) هەموو توانایەکی خۆی ئەخاتە گەڕ بۆئەوەی منداڵان بخاتە ژێر ڕێکیف و کاریگەری بابەت و بەسەرتاتی ناو چیرۆکە ڕاستەقینە ، یاخود خەیاڵییەکان.

## چۆن ببم بە ( ستۆری تێلەر ) – ( چیرۆک خوانێکی) سەرکەوتوو؟

لەڕاستیدا ڕەنگە زۆرکەس بتوانێت ببێت بە چێرۆک خوانێکی باش و سەرکەوت و بەومەرجەی کە بەرلەهەموو شتێک ئەو کەسە (حەزێکی زۆری) لە بواری گێرانەوەی چیرۆک بێت ، بەتایبەتی گێرانەوەی چیرۆک بۆ منداڵان ، لە قۆناغە جیاوازەکاندا. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەموو (چیرۆک خوانێکی) سەرکەوت و خاوەنی چەندین کارامەییە ، کەواتە (**کارامەییەکانی چیرۆک خوان**)) چین؟

( هەموو ستۆری تێلەرێک، یان چیرۆک خوانیت بۆ ئەوەی سەرنجی بینەر، یان منداڵ بەدەست بهێنێت پشت دەبەستێت بە دوو وزەی گرنگی کە ئەوانیش بریتین لە (دەنگ و جوڵە) ی، بەڵام لەگەل ئەمانەسدا چیرۆک جوانی سەرکەوت و چەندین کارامەیی تری هەیە ئە ئەوانیش بریتین لە :

**یەکەم/** سەرەتا چیرۆک خوانی سەرکەوت و زۆر بەباشی لەو چیرۆکە تێدەگات کە دەیەوێت بیگێڕێتەوە بۆ مناڵ.

**دووەم/** چیرۆک خوان هەمیشە ئەو چیرۆکانە هەڵدەبژێرێت کە هەڵگری ( بیرۆکە و پەیام ڕوداوی هەستیارو ، کردارن) بۆ ئەوەی پانتاییەکی تێدا بدۆزێتەوە بۆ دەربڕین و گێڕانەوەیەکی کاریگەر.

**سێیەم/** هەمیشە چیرۆک خوان پشت بە پێنج هەستەکەی دەبەستیک لەکاتی گێرانەوەی ڕووداوە گرنگەکانی چیرۆکەکە.

**چوارەم/** چیرۆک خوانی سەرکەوتو لە کاتی پێویست دا ، تۆنی دەنگی خۆی دەگۆڕێت بۆ ئەوەی وێنەو سیفاتی کەسایەتییەکانی ناو چیرۆکەکە پیشانی مندال بدات. هاوکاتی هەستی جۆراوجۆری کاراکتەرەکان لەڕێگەی دەنگی پیشان دەدات بۆ ئەوەی چیرۆکەکە زیندو لەپێش چاوی منداڵ پیشان بدات.

**پێنجەم/** چیرۆک خوان زمانی دەربڕینی وشەو ڕستەکانی ڕوون و ئاشکراو بێ گرێیە.

**شەشەم/** دورکەوتنەوە لەیەک ڕیتمی، یەک تۆنی، واتە چیرۆک خوان سەرجەم بڕگەکانی چیرۆکەکە بە یەک شێوازو ڕێتم ناخوێنیتەوە بۆئەوەی منداڵ توشی بێزاریی نەبێت.

**حەوتەم/** گرنگە چیرۆک خوان پشت بە  گوزارشتەکانی دەم وچاوی ببەستێت. لەکاتی گێڕانەوەی چیرۆک، واتە کاتێک باسی توڕەبونی کەسایەتییەک دەکات دەبێت دەم وچاو دەنگی خۆی هەمان هەست پیشان بدات بۆ ئەوەی وێنەو هەستی ناوەکی چیرۆکەکە بەباشی بگاتە منداڵ.

**هەشتەم/** چیرۆک خوانی باش، هەمیشە باوەڕی بەخۆیەتی و ماسولکەکانی جەستەو دەست و  دەنگی لە دۆخی ئامادەییدایە. واتە هیچ جۆرە گرژی و شلەژانێک لە ئەندامەکانی جەستەی بەدی ناکرێت لەکاتی گێرانەوەی چیرۆکەکەدا.

**نۆیەم/** دەکرێت هەندێکجار جوڵەو دەنگی کەسایەتی چیرۆک خوان لەکاتی گێڕانەوەی چیرۆکەکە ببێت بەو کەسایەتییەکی کە باسی دەکات، بۆ نمونە کاتێک باسی ( هاتنی مام ڕێوی دەکات بە خشپەیی) دەکرێت چیرۆک خوان جوڵەی جەستەو تۆنی دەنگی وەکو ڕێویەکە لێ بکات بۆ ئەوەی منداڵانی دەوروبەری باشتر بچنە ناو ناوەڕۆک و ڕوداوەکانی چیرۆکەکەک لەو سات و کاتەدا.

**دەیەم/** چیرۆک خوانی پرۆفیشناڵ و سەرکەوت و بۆ هەر جۆرە چیرۆکێکی دیاریکراو، ستایلێکی  دیاریکراو گونجاو لە دەربڕین و گوزارشت دەگرێتە بەر، واتە مەرج نیە هەموو جۆرە چیرۆکێک بە  یەک جۆر شێواز بگێڕدرێتەوە.